| | |
|---|---|
| **حكومەتی هەرێمی كوردستان-عێراق**<br>**ئەنجومەنی وەزیران**<br>**وەزارەتی ناوخۆ**<br>**پارێزگای هەولێر**<br>**ب .گرێبەستە گشتیەكان** | **حكومة إقليم كوردستان-العراق**<br>**مجلس الوزراء**<br>**وزارة الداخلية**<br>**محافظة أربيل**<br>**م . العقود العامة** |

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT-IRAQ
MINISTRY OF INTERIOR/ERBILGOVERNORATE
DIRECTORATE OF GENERAL CONTRACTS

ژمارە :                    / ٢٧٢ كوردی                    / / ٢٠٢ زاینی

## ئـــاگـــاداری

### ب/ كەم كردنەوەی نهێنی / ژمارە ( 213 ) بودجەی سەر بار / پارێزگا - بۆ جاری دووەم

پارێزگای هەولێر / بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەكان / كەم كردنەوەی نهێنی ڕادەگەیێنێت بۆ پڕۆژەی ( دروستكردنی ئاوەڕۆی لوولەیی كۆنكریتی شیشدار لە گەڕەكی كشتوكاڵ لەپشت دادگا وە دروستكردنی شەقامی كۆنكریتی لە گەڕەكی كشتوكاڵ لە نزیك دادگای خەبات لە قەزای خەبات ) كە ( بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەكانی هەولێر ) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێنەرو كۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریمان بدەن بە مەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەكانی بەڵێندەرایەتی پڕۆژەی سەرەوە بە مەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لە ناو زەرفێكی مۆركراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا كۆمپانیا لەسەری نوسرا بێت و پێش كەش بە سكرتێری لیژنەی كردنەوەی تەندەرەكان لە دیوانی پارێزگای هەولێر / كارگێری خۆجێیەتی بكرێ وە دوا كاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەكان كاتژمێر(11)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی (یەك شەممە) ڕێكەوتی ١٣/١١/ 2024 دەبێت . وە مەرج نیە فەرمانگەكەمان بە نزمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت .وە كرێی بڵاو كردنەوەی ڕاگەیاندن دەكەوێتە ئەستۆی ئەو كەسەی كە كەم كردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

### مەرجەكانی وەرگرتنی تەندەر :

- كۆمپانیا لە پلە ( 2- 9 ) كەمتر نەبێت و نوێ كراوە بێت .
- ئەستۆ پاكی باجی دەرامەتی هەبێت و نوێ كراوە بێت بۆ ساڵی 2024 .
- ماوەی پڕۆژە ( 120 ) ڕۆژی تقویمی .
- كاتی بەسەر چوونی تەندەر ( 90 ) ڕۆژە لە بەرواری كردنەوەی تەندەرەكە.
- سزای دوا كەوتن (200,000) دوو سەد هەزار دینارە بۆ یەك ڕۆژ .
- بارمتەی سەرەتایی بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەركردنی تەندەر (التعهد الخطی) لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەكان و بەڵێندەر بكرێت و لەگەڵ تەندەر پێشكەش بكرێت بە پێچەوانەوە تەندەرەكەی پشتگوێ دەخرێت .
- هیچ تەندەرێك وەرناگیرێتەوە لە دوای كات و ڕۆژی دیاریكراو لە سەرەوە .
- لە كاتی وەرگرتنی تەندەر كۆمپانیا یان بەڵێندەر دەبێت ناسنامەی كۆمپانیا لەگەڵ خۆی بێنێت وە بەناوی خۆی بێت ، ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان ( تخویل ) لەلایەن كۆمپانیا یان بەڵێندەر بێنێت .
- بەڵێندەر دەتوانێت زانیاری زیاتر بە دەست بێنێت پێش كڕینی تەندەر بە سەردانی كردنی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەگشتیەكان لە دیوانی پارێزگای هەولێر.
- فرۆشتنی تەندەر ( 100,000 ) سەد هەزار دینار كە ناگەڕێتەوە ، وە ڕۆژانە لە كاتژمێر (9) ی بەیانی تاكو (1) دوای نیوەڕۆ دەبێت.

**تێبینی :**

دوو ڕۆژ پێش كردنەوە تەندەر نافرۆشرێت .
هەموو بەڵگە نامە داواكراوەكان لەكاتی پێشكەش كردن لەناو تەندەر دابنرێت .

**ئومێد خۆشناو**
**پارێزگاری هەولێر**

### وێنەیەك بۆ :

- ✓ وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێركاری / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی كردنەوە و شی كردنەوەی تەندەر / لەگەڵ ڕێزماندا ...
- ✓ ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕیزدا ....
- ✓ نوسینگەی بەڕێز پارێزگاری هەولێر / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕیزدا ....
- ✓ نوسینگەی بەڕێز جێگری پارێزگاری هەولێر بۆ كارو باری هونەری / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا ......
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەكانی هەولێر / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی كردنەوە و شی كردنەوەی تەندەر / لەگەڵ ڕیزدا ....
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەكان
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری — بۆ جێ بەجێ كردن و كاری پێویست......
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان.
- ✓ ڕۆژنامەی خەبات / تكایە ئاگاداریەكە بڵاو بكرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەڵ ڕێزماندا ......
- ✓ ڕۆژنامەی هەولێر / تكایە ئاگاداریەكە بڵاو بكرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەڵ ڕێزماندا ......
- ✓ یەكێتی بەڵێندەرانی كوردستان/ لقی هەولێر بۆ ئاگاداریتان .
- ✓ هۆبەی فرۆشتنی تەندەرات / بۆ كاری پێویست
- ✓ پرسگە / بۆ هەڵواسینی ئاگاداریەكە .
- ✓ خولاو